بەڕێوەبەرایەتی نەوت و کانزاکانی سلێمانی رووبەڕووی نەوێکی بەاوکردەوە

بەڕێوەبەرایەتی نەوت و کانزاکانی سلێمانی سەربە وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان، لەسەر دابەشکردنی نەوتی سپی لە هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارە سەربەخۆکانی گەرمیان و راپەڕین رووبەڕووی نەوێکی بەاوکردەوە.

لە رووبەڕووبوونەوەکەدا هاتووە، دوای رێزامەندی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان بە دابینکردنی بڕی 100 و پێنج ملیۆن لیتر نەوتی سپی بە پارێزگارکانی سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارە سەربەخۆکانی گەرمیان و راپەڕین، لە سەرەتای ئەم مانگەوە دەستکرا بە ئەمبارکردنی نەوتی هاتوو لە کێڵگای سووتەمەنی عەربەت.

ئاماژە بەوەشدراوە، لە رێکەوتی 9ـی 10ـی 2023 دەستکرا بە دابەشکردنی نەوتەکە لە ناوچە شاخاوییەکان و ئەو شوێنانەی سالی رابردوو تەواونەکرابوون.

بەڕێوەبەرایەتی نەوت و کانزاکانی سلێمانی رایگەیاند، تا ئێستا بڕی پێنج ملیۆن و 789 هەزار لیتر بەسەر 28 هەزار و 945 خێزاندا لە سنووری قەزای پێنجوێن و ناحیەکانی لەگەڵ قەزای سەیدسادق و ناحیەکانی و هەردوو ئیدارەی سەربەخۆی راپەڕین و گەرمیان دابەشکراوە.

لە رووبەڕووبوونەوەکەدا هاتووە، کە پرۆسەی دابەشکردنی نەوتی سپی بەردەوامە و لە ئایەندەیەکی نزیکدا شاری سلێمانی و دەوروبەریشی دەگرێتەوە.

بەڵێنەبەرایەتی نێوت و کانزاکانی سلێمانی باسی لێوەکرد، هەوڵێکی زۆریان داوە لەگەڵ وەزارەتی نێوتی عێراق بە دابینکردنی بەشە نێوتی پارێزگای سلێمانی وەک سەرجەم پارێزگاکانی دیکەی عێراق، لەو رووەوە پێش هاتنی وەرزی سەرما گفتوگۆ لەگەڵ حەیان عەبدولغەنی، وەزیری نێوتی عێراق کراوە.

جەختی کردەوە لەوەی، "پێویست ناکات هیچ لایەن و فراکسیۆنێکی پەرلەمانی موزایەدە لەسەر دابینکردنی نێوتی هاووەاتییان بکات لە سنووری پارێزگای سلێمانی".